# زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانییو خوێندنەوەی دەقی شیعریی

د. علی طاهر حسین/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردی
د. شنۆ محمد محمود/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردی

پێشەکی:

لەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانیی، کە یەکێکە لەزاراوە سەرەکییەکانی تیۆری پێشوازیو وەرگرتن (نظرية الاستقبال والتلقي) کە لەلایەن (هانز رۆبێرت یاوس) و (فولفگانگ ئیزەر) و پێشڕەوانی قوتابخانەی کۆنستانسەوە داهێنراوە.

تیۆری پێشوازی، یا وەرگرتن، لە شەستەکاندا پاش مشتومڕێکی زۆر لەنێوان بونیادگەریو پاش بونیادگەریدا سەریهەڵداوە، واتە یەکێکە لەپەیڕەوەکانی پاش بونیادگەری. ئێمە لەم باسەدا تەنیا خۆمان لەهەوڵەکانی (هانز رۆبێرت یاوس) دەدەینو بەس، بەتایبەتی زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانیی (أفق الانتظار) دەست بۆ هەوڵەکانی (فولفگانگ ئیزەر) نابەین، چونکە ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە، باسی تیۆری وەرگرتنو قوتابخانەی کۆنستانس بەگشتی بکەین، بەڵکو مەبەستمانە، تەنیا لەهەندێك زاراوە لای یاوس بدوێین، باسکردنی ئاسۆی چاوەڕوانیی زاراوەی تری وەك تێکەڵاوبوونی ئاسۆکان بەدوای خۆیدا دێنێت.

لەم باسەدا (گۆران)و (بودلیر) دەکەین بەنموونە، چونکە لەسەردەمێکدا ژیاون، وەرچەرخانیان لەرەوتی شیعریدا دروستکردووە، ئەویش روونده‌کەینەوە، کە هەموو دەقێك ئاسۆی چاوەڕوانیی هەیە، هەروەها هەموو خوێنەرێکیش (وەرگر) کە رەنگە لەگەڵ یەکدا بگونجێنو رەنگیشە بەپێچەوانەوە بێت.

دیارە ئاسۆی چاوەڕوانیی بۆخوێندنەوەی دەقی ئەدەبی بەگشتی دەبێت، شیعربێت، یا چیرۆك، یا رۆمان، یا شانۆ، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا دەقی شیعری بەنموونە دەهێنینەوە. پێویستە بڵێین، کە بەدوو جۆر زاراوە تیوری وەرگرتن بەکاردەهێنین، تیۆری پێشوازی (نظرية الاستقبال)، یاخود تیۆری وەرگرتن (نظرية التلقي) زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانیی بەرانبەر (أفق الانتظار)ی عەرەبییە، مەودای جوانکاری بەرانبەر (المسافة الجمالية) یە، و تێکەڵاوبوونی ئاسۆکانیش بەرانبەر (اندماج الافاق)ی عەرەبییە.

بەشی یەکەم : ئاسۆی چاوەڕوانیی پێناسە وبنەما

لەتیۆری رەخنەی تازەدا، خوێنەر پایەیەکی دیاریکراوی هەیە، وەك ئەوە نییە، چی لەدەق، یان لای

نووسەر هەیە، کتومت وەریبگرێت، واتە تەنیا وەرگری جوانییەك بێت بەرهەمهێنراوەو ئەمی خوێنەریش وەك کاڵایەك بیپارێزێت، چۆن هاتووە ئاوهایش ئەرکی پاراستنی بێ زیادوکەم لەئەستۆ بگرێت. سەردەمانێك ئەرکی خوێنەر ئەوە بووە ببێت بەسێبەری نووسەر، یاخوود بەشێوەیەکی رووتر بڵێین ببێت بەئەلتەرناتیڤی نووسەر، لەکاتی خوێندنەوەدا، یان ئەو جوانکارییەی کە دەق بۆی رەخساندووە، ئەمی خوێنەر تەنیا وەرگری بێتو بەس.

هەموو پەیڕەوێکی ئەدەبی نوێ شێوەو سنوورێکی دیاریکراوی خۆی بۆ خوێنەر داناوە، هەر لەکۆنەوە، خوێنەر لەتیۆری رەخنەییدا باسکراوە، بەڵام وەك میتۆد، میتۆدێکی تایبەت بەخوێنەر خۆی نەبووە، تا شەستەکانی سەدەی رابردوو بەتایبەتی لە کۆتاییەکانیدا ئەویش پاش مشتومڕێکی زۆر لەنێوان بونیادگەریو نوێگەریو پاش نوێگەریدا، چەندین تیۆری نوێ هاتنە کایەوە، یەکێك لەوانە رەخنەی پێشوازیو وەرگرتنە، واتە نزیکبوونەوەی خوێنەر لەدەقو کاردانەوەی لەسەر خودی وەرگر. وەك بونیاد دانەرێك سەرلەنوێ بەهەمان توانای دانەرو نووسەر ئەرکی بونیادنانەوەی هەبێت، نەك تەنیا هەر ئەو شتانە وەربگرێت کە نووسەر لەرێگای دەقەوە پێیدەگەیەنێت، بەپێی شوێنو کاتی جۆراوجۆر بەردەوامیی لەگەڵ بەرهەمەکەدا هەبێت، نەك لەهەموو کاتو شوێنێکدا لەهەموو مێژوو سەدەیەکدا بەیەکجۆری دیاریکراوو چەسپاو جوانیی بەرهەمەکەی پێبگات.

قوتابخانەی کۆنستانسی ئەڵمانی، کۆمەڵێك رەخنەگرو تیۆرداڕێژی لەخۆگرتبوو، بایەخێکی راستو دروستیان بەخوێنەرو رۆڵی خوێنەرداوە، ئەوان وەك رەخنەگرانی شێوەگەرە رووسەکان، یان وەك بونیادخوازەکان، سەیری خوێنەریان نەکردووە.

(هانز رۆبێرت یاوس) بەو پەیڕەوەی خۆی، کە گرنگی بەخوێنەر وەك بکەرێك بەخشیووە، بیروڕای وایە ستاتیکای وەرگرتن لەسەر ئەم بنەمایانە پایەکانی بەرزبوونەتەوە:

١- لەهەموو کارێکی ئەدەبیدا، ئامان خوێنەرەو ئەو کارە تەنیا لەکاتی خوێندنەوەدا نرخی هەیەو دەردەکەوێت، چونکە خوێندنەوە بە هێنانەوەی کارلێکی نێوان خوێنەرو کەرەستەی دەقی نووسراو، کە دێتەدی، ژیان بەپیتو وشە مردووەکان دەبەخشێت.

٢- دەقی ئەدەبی لەبەرئەوەی سروشتێکی خوازەیی هەیە، دەقێکی کراوەیەو رێگا بەفرە خوێندنەوەیی دەدات، کە دەق دەوڵەمەند دەکاتو لەم مەسەلەیەشدا تیۆری وەرگرتن لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە خوازیدا (التفكيكيه) یەکدەگرنەوە.

٣- پێویست نییە دەق لەچوارچێوەی مێژووییدا بخوێنرێتەوە، چونکە خوێنەر سەرچاوەی خۆی هەیە، کە توانای بۆ دەرەخسێنێت، مانای ئەدەبی بۆ دەق پێکبهێنێت. لەم بارەیەوە (ئیزەر) کە یەکێکە لە کۆڵەکانی تیۆری وەرگرتن دەڵێت "دەقی ئەدەبی لەرێگای خوێندنەوەوە پێکدێت، جەوهەرو ماناکەشی لەدایکبووی دەق نین بەقەدەر ئەوەی بریتین لەکارلێکی ناوەکی نێوان بەشەکانی کە لەبۆچوونەکانی خوێنەرەوە پێکدێن"[1].

[1] د. ابراهيم محمود خليل، النقد الادبي الحديث من المحاكات الى التفكيك، ص ١٢٠.

بەم پێیە تیۆرداڕێژەرانی وەك (یاوسو ئیزەر) کە بەدامەزرێنەرانی ئەم پەیڕەوە دادەنرێن، هەر تەنیا بەجوانکاریی بەرهەمەکەوە ناوەستنو بەس، بەڵکو جوانییەکی تر هەیە، تێکەڵاوی جوانکاری دەق دەبێت، ئەویش جوانکاری وەرگرتنێتی. ڕوونتربڵێین ئەو جوانکارییەیە کە خوێنەر وەك وەرگری دەق دروستی دەکات بەهۆیشیەوە بەرهەمەکە لەبەر فرە خوێندنەوە جوانتر دەبێت.

بەهای جوانیی بەرهەم هەر لەکارەکەی خۆیدا نییە، لەشێوازی پێکهاتەی هونەریدا کۆناکرێتەوە، بەڵکو لەتیۆری وەرگرتندا پەیوەستە بەکاردانەوەی لای خوێنەر. ئەو کە پەیامەکەی پێدەگات، کاردانەوەی بەرانبەری دەبێت بەپێی کاتو ساتو هەستی کاتی وەرگرتنی دەیخوێنێتەوە.

(ئەرکی مێژووی ئەدەب لای یاوس لەو هەنگاوانەدا دەردەکەوێت کە هەڵدەنرێت بەدوای ئەو گۆڕانکارییانەدا کە بەسەر وەرگرتنی ئەدەبیدادێن، بەپێچەوانەی ئەو لێکۆڵینەوە کۆنانەی کە سەیری مێژووی ئەدەبییان تەنیا وەك مێژووی نووسەرانو مێژووی نووسراوەکان دەکرد. پشتگوێخستنو چەوسانەوەی ئەوانەیشی کە ڕەواجو بەردەوامی بەئەدەب لەڕێگای وەرگرتنەوە (التلقي) دەبەخشن ئەوانیش خوێنەرو گوێگرو بینەرانن)[2].

کەواتە پلەی خوێنەر لەتیۆری وەرگرتندا لەگرنگی نووسەرو بایەخی دەقەکە کەمتر نییە، بگرە وادەکەوێتەوە کە هاوتای یەکبن، ئەویش لەڕێگای بونیەوە بە وەرگێڕێکی بکەر نەك وەرگێڕێك هەمیشە چاوەڕوانیی ئامادەکراو بکات، ئەگەر کاری ئەدەبی لەسیانەی ناسراو (دانەر، کاری ئەدەبی، خوێنەر) پێکبێت، ئەوە (هانز رۆبێرت یاوس) رەگەزی سێیەم بە رەگەزێکی تێپەڕێنەر دانانێت، بەڵکو وەك فاکتەرێکی بەشداری ناو ئەزموونەکەی دەکات)[3].

ئەم وای بۆدەچێت کەبەگەرخستنی جوانکاریی ئەدەب لەچوارچێوە مێژووییەکەیدا لەڕێگای بوونی ڕەهای خوێنەرەوە دەبێت، وەك بونیادنەرێکی دەق لەڕێگای بەگەرخستنو ڕێکخستنی ئاسۆی چاوەڕوانییەوە، هەر بۆیە ئەم ئاسۆی چاوەڕوانییە رەگەزێکی گرنگی تیۆری وەرگرتنە.

کەواتە لەتیۆری وەرگرتنو پێشوازیدا پرۆسەی خوێندنەوە وەك دانانی بابەتە ئەدەبییەکە وایە، بۆیە خوێنەر رۆڵی نووسەر دەبینێت. تێگەیشتن لەم تیۆرە کارێکی گرانە، بۆیە بەبێ ئاگایی لەزاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانیی مەحاڵە لەتیۆری وەرگرتن بگەین.

ئاسۆی چاوەڕوانیی یان ئاسۆی پێشبینی HORIZON ATT ENT مەبەست لەوپێوەرانەیە کە خوێنەر بەکاریان دەهێنێت بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی، کاتێك کەبابەتێك دەخوێنێتەوە بەپێی ئەو دیدو پێوەرانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات کە لەلای ئەم جێگیربوون. واتە هەموو خوێنەرێك کۆمەڵێك قەناعەتو پێوەری لا چەسپیوون بوون بەئاسۆیەك لەلای، کە دەقێك دەخوێنێتەوە چاوەڕوانیی ئەوە دەکات لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی دەقەکەدا بگونجێت.

بەم پێیە دەقیش ئاسۆی چاوەڕوانیی خۆی هەیە، هەر لێرەوە کارەکە بەم شێوەیە دەکەوێتەوە:

١- ئاسۆی چاوەڕوانیی دەق لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەردا گونجاوە.

---

[2] حمید سمیر، النص وتفاعل المتلقي في الخطاب الأدبي عند المعربي، ص ٢١.

[3] عبدالناصر حسن محمد، نظریة التوصیل وقراءة النص الأدبي ص ١٠٦.

٢- ئاسۆی چاوەڕوانیی دەق خوێنەر تووشی نائومێدی دەكات، چونكە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی ئەمدا ناگونجێت.

٣- ئاسۆی چاوەڕوانیی دەق بەجۆرێك دەكەوێتەوە كە ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر دەگۆڕێت، قەبارەو پێوەری تری لا دروستدەكات. (هانز رۆبێرت یاوس) كەیەكێكە لەدامەزرێنەرە سەرەكییەكانی پەیڕەوی جوانكاریی وەرگرتن زۆر جەخت لەسەر ئاسۆی چاوەڕوانیی دەكات، وادەبینێت كە (كاتێك كارێكی ئەدەبی دەنێردرێت ئەوە رێگاو شێوازی چوون بەدەمییەوە بەوەی لەگەڵ پێشبینی جەماوەرییا بەگونجان لەگەڵیدا یا تێپەڕاندنی، یان بێئومێدكردنی یان نەگونجان لەگەڵیدا بەپێوەر دادەنرێت بۆ بڕیاردان بەسەر نرخی ستاتیكیدا)[٤].

لەم روانگەوە، لای یاوس پێوەر بۆ بڕیاردان بەسەر هەموو دەقێكی ئەدەبیدا رادەی لێكچوون‌و نزیكبوونەوەو دووربوونە لەنێوان هەردوو ئاسۆكەدا، ئاسۆی چاوەڕوانیی دەق كە كۆمەڵێك بەهای هونەری‌و جۆری شێوازو رەگەزی هونەریی‌و ژانر پێكدەهێنن، لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر، كە جۆری خوێندنەوەیی‌و سەرچاوەیی رۆشنبیریی‌و چۆنێتی باری دەروونی كاتی وەرگرتنی پەیامە ئەدەبییەكە ئەمانە هەمووی ئاسۆی پێشبینی وەرگر پێكدەهێنن.

لەمەوە روونده‌بێتەوە، لای یاوس هەر تەنیا جوانكاریی تیۆری وەرگرتن لەكاری نووسراودا لای خاوەنەكەی نابینرێتەوە، بەڵكو پەیوەستە بەخوێنەریشەوە، بەكاردانەوەیەوە كە دەخرێتە سیستمێكەوە وەك سەلەنوێ بونیادنانەوەی كارە نوسراوەكەی لێدێت، رەنگە هەر لەهەوڵەكانی (یاوس) دا جۆرێك مەترسی هەبێت‌و خۆیشی هەستی پێكردبێت، بەڵام لەهەمان كاتیشدا جۆرە چارەسەرێكیشی خستبێتەڕوو. بۆنموونە بۆئەوەی تووشی دژنەبێت لەئەنجامی تێكەڵاوكردنی (خودگەرایی وێناكردن‌و بابەتییانەی بەكارهێناوە، سێ شێوە بۆ پێكهێنانی ئاسۆ پێشنیاردەكات: یەكەمیان لەرێگای پێوەرە ناسراوە باوەكانەوە، یان جوانكاریی باوو بڵاوی رەگەزی ئەدەبییەوە. دووەمیش لەرێگای پەیوەندیی ناوەكییەوە بەو كارانەی كە دەوروبەری مێژوویی ئەدەبی لەخۆدەگرن. سێیەمیشیان لەرێگای لێكجیایی خەیاڵ‌و واقیعی لەنێوان ئەركی ستاتیكی زمان‌و ئەركی عەمەلییەكەیدا)[٥].

لە بونیادگەریدا خودی دانەرو خودی خوێنەر فەرامۆش دەكرێن، چونكە ئەم تیورییە واتا لەلایەنی زمانەوانی دەقدا دەبینێت، بەڵام دانەرانی تیۆری ستاتیكای وەرگرتن بەپێچەوانەوە، واتای دەق لەرێگای تێگەیشتن لێی‌و دۆزینەوەی شێوە زمانەوانییەكانی پێشوو دەبینێتەوە، بۆیە (یاوس) هەر تەنیا تەوەری زمان نابینێت، بەڵكو بایەخ بەپەیوەندیی گفتوگۆی نێوان دەق‌و وەرگرەكەی دەدات، بۆنموونە (بارت) جوانكاریی بەچەشەی وەرگر دادەنێت، كە لەگەڵ دەقەكەدا لەرێگای پانتاییە زمانەوانییەكەیەوە كارلێكدەكات، بەڵام (یاوس) بەپێچەوانەوە سەیری ئەم پەیوەندییە دەكات، ئەو

---

[4] هانز روبيرت ياوس، جمالية التلقي من اجل تأويل جديد للنص الادبي، ص٧٤.

[5] روبيرت س هولب، نظرية الاستقبال، ص

پێی وایە، ئەم چەشە ستاتیکییە لەو شێوازو ڕێگەیەدا دەبینرێتەوە، کە خوێنەر کارە ئەدەبییەکەی پێ ڕاڤەدەکات.

کەواتە هەر تەنیا دانەر، یان خاوەن دەق، بەرهەمهێنەرو نێرەری واتای دەق نییە، بەڵکو خوێنەریش، بەپێی چەمکی ئاسۆی پێشبینیو چاوەڕوانیی، واتا بەرهەم دەهێنێتو واتای جۆراوجۆر دەخاتە سەر واتای ناوەندیی دەق، بەواتایەکی تر بڵێین دەبێت بەهاوبەشی بەرهەمهێنەر لەواتادا[6].

کەواتە خوێنەر سەرلەنوێ ئاسۆی ئەدەبی دائەڕێژێتەوە، پەیوەندییەکەیشی، دووانەیەك لەخۆدەگرێت لەیەك کاتدا دەبێت بەوەرگرو کەسێکی بکەریش.

(هانز ڕۆبێرت یاوس) ئاسۆی چاوەڕوانیی بۆ وەسفکردنی ئەو پێوەرانە بەکاردەهێنێت کە خوێنەران بۆ بڕیاردان بەسەر دەقی ئەدەبییدا لەهەر سیستمێکی دیاریکراودابێت بەکاردەهێنن.

(ئەم پێوەرانەیش یارمەتی خوێنەر دەدەن بۆ بڕیاردانو هەڵسەنگاندنی هەر قەسیدەیەك ئەو بڕیارە دەدات ئایە داستانە، بۆ نموونە یاخود تراژیدیایە، یان قەسیدەیەکی شوانکارانەیەو بەچۆنێتیەکی گشتگیرتر ئەو شتانە دەخەنەڕوو کە بەشیعریو ئەدەبی بەرانبەر بەکارهێنانی ناشیعری غەیرە ئەدەبی زمان دەژمێردرێن)[7].

بەم جۆرە ئاسۆی پێشبینیو چاوەڕوانیی هەم پێوەرە بۆ هەڵسەنگاندنی دەق بە باشەو بە خراپە، هەم شێوازێکە بۆ جموجۆڵی کاری ئەدەبی لەچوارچێوەی مێژووی ئەدەبییدا.

کە باس لە ئاسۆی چاوەڕوانیی دەکەین دەبێت لەچەمکێکی تر بدوێین کە دەبێتە هۆی ڕوونکردنو تەواوکردنی ئاسۆی پێشبینی (ئەویش مەودای جوانکارییە ئەو بۆشاییەیە کە دەکەوێتە نێوان دەقو ئاسۆی چاوەڕوانیی کۆن)[8].

مەودای ستاتیکی، یان جوانکاریی، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێژەی ستاتیکی دەقی خوێنراو کەشفبکرێتو گۆڕانکاری لەزەینی وەرگردا ڕووبدات.

(یاوس) چەمکی مەودای جوانکاری بەکاردەهێنێت بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازیی ستاتیکی نێوان ئەوەی بەخشراوە کە دەقەکەیەو لێی ڕژاوەو ئەوەیشی کە چاوەڕوان دەکرێت لەڕێگای وەرگرەوە بخرێتە سەر بەرهەمهێنراو، تا بەتەئویلی جۆراوجۆر دەوڵەمەندتربێت، ئەو جیاوازییەی کە لەئەنجامی نزیکبوونەوەی خوێنەر لەدەقەوە پەیدادەبێت کاتێك کەپێکهاتەو ناوەڕۆکی لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەردا تەبا نابێت، بۆیە وادەکەوێتەوە ئاسۆیەکی تر بوونیادبنێت لەڕێگای وەرگرتنی هۆشیو زانیاریی تازە لەکارە خوێندراوەکەدا.

بەگوێرەی ئەم بۆچوونە، ئەو ئاسۆ پێشبینییە نوێیە کە نووسەر لەڕێگای نووسینەکەیەوە دەینێرێت هەموو پێوەرە چەسپیوەکانی زەینی وەرگر دەشکێنێت، لەسەر ئەم بنەمایە، ئەو

[6] بڕوانە: الدکتور عبدالقادر عبو، فلسفة الجمال في فضاء الشعرية العربية بحث في آليات التلقي، ص ٩٤.

[7] رامان سلدن، النظرية الادبية المعاصرة، ص ١٦٨.

[8] حميد سمير، النص وتفاعل المتلقي في الخطاب الادبي عند المعربي، ص

جیاوازییە جوانکارییە کە لەم مەودایەدا واتە مەودای نێوان نێرەرو وەرگر روودەدات، دەبێت بەپێوەر بۆ هەڵسەنگاندن. (یاوس) لەرێگای هەردوو چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانیی‌و مەودای جوانکارییەوە کارێکی وەهای کرد خوێندنەوە لەدەربڕینی بۆچوونی پەراگەندەو ئاساییەوە بەرەو رێکخستن‌و سیستم بچێت‌و یاسایەك بۆ خوێندنەوە دەربچێت وابکەوێتەوە ئەو مەودا جوانکارییە ئاست‌و توانای وەرگرمان بۆ دەربخات ئەمە بەپێچەوانەی کاری خوێنەر لەسەدەکانی پێشوودا کە لەڕوانینێکی سادەو ساکارو تێبینی بێ چوارچێوەی ڕووت تێنەدەپەڕی[9].

کەواتە هەموو دەقێکی ئەدەبی سەرچاوەی خۆی هەیە، هەروەها خوێنەریش سەرچاوەی پێشوەختی خۆی هەیە کە دەگەنە یەك یان یەکدەگرن، یان لێکتر دوور دەکەونەوە، یان بۆچوون‌و سەرچاوەی دەق‌و وەرگر دەکەنە پەیوەندی دروستکردن بەتەبایی‌و لێکچوون یاخود بە پێچەوانەوە دەقەکە ئارەزووی خوێنەر دەگۆڕێ وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە.

بەشی دووەم : ئاسۆی چاوەڕوانیی – بەرەوپراکتیزەکردن

بۆئەوەی زیاتر لەم چەمکانە بگەین‌و ئاسۆی چاوەڕوانی پیادەبکەین، هەوڵدەدەین، چەند نموونەیەك لەشیعری کوردی‌و بیانی هەڵبژێرین‌و کەم تازۆر بەپێی ئەو دوو چەمکە باسکراوە، بیانخوێنینەوە بۆئەوەی خوێنەریش زیاتر ئاگاداربێت، ئاشکرای دەکەین کە هەوڵەکانمان هەر تەنیا لەچوارچێوەی کارەکانی (هانز رۆبێرت یاوس)دا دەبن نەك تیۆری وەرگرتن بەگشتی، چونکە هەوڵەکانی یاوس بەشێکن لەو تیۆرە فراوانەو (فولفگان ئیزەر)یش بەجۆرێکی تر ڕۆڵی دیارو ئاشکرای تێدایە.

وادابنێ ئێستا ئێمە لەسەردەمی (گۆران)داین، خوێنەرو شاعیرو رەخنەگری ئەو سەردەمەین، بۆ ڕوونکردنەوەی کارەکەمان لەپێشدا دەپرسین ئەو سەردەمەی (گۆران) چۆن بووە؟ مەبەستمان زیاتر لایەنە ئەدەبی‌و شیعرییەکەیەتی، چی لەو سەردەمەدا لەبواری شیعردا روویدا؟ چ گۆڕانکارییەك بەسەر شیعری کوردیدا هات؟ سەردەمی گۆران سەردەمێك بوو پڕ لەبەخشش‌و گۆڕانکاریی، وەرچەرخانێك بوو لەشیعری نوێی کوردیدا. بەخشش‌و داهێنانی شیعریی گۆران وەك پێشەنگی شیعریی کوردی لەبارخوازی‌و بنەماچەسپاوەکان دەرکردو بەرەو زەمینەیەکی نوێ‌و کراوەیی برد. (گۆران) هەندێك کەرەستەی هونەریی کۆنی خستەلاوەو لەبری ئەوە کەرەستەو شێوازو دەلالەتی نوێی بەشیعری کوردی بەخشی.

ئەو بەیتی تێکشکاندو ریتمی نوێی هێنایە کایەوە، تاڕادەیەك شیعری لەچوارچێوەی رەوانبێژیی دەرکردو لەبری ئەوە وێنەی نوێی دوور لەکەرەستەی سواوی رەوانبێژیی داهێنا.

لەسەر ئاستی مەعنەوی‌و ناوەڕۆك، شیعری کوردی لەسەردەمەکەی خۆی نزیککردەوە، واتە مۆرکێکی نوێی سەردەمانەی پێوەلکان. ئەگەر باسی گوڵێکی بکردایە، یان باڵندەیەك بۆ نموونە، هەر تەنیا وەسف نەبوو، بەڵکو بۆئەوەبوو لە زەمینەیەکی مرۆڤایەتی نوێدا بیانخاتەگەڕ، سەردەمی گۆران سەردەمێك بووە ئینقلابە ئەدەبییەکەی گۆرانی لا نامۆبووە، نوخبەیەکی کەم نەبێت، چونکە

---

[9] بڕوانە: د. ایمان عیسی الناصر، وحدت النص وتعدد القراءات التأویلیة في النقد العربي المعاصر، ص٧٧.

تا ئەوکاتە شاعیر هەر پەیڕەوی شێوازە جێگیرە باوەکانی کردووە، بەبست لێی دوورنەکەوتووەتەوە. ئەو ئاشنای ستوونی شیعریی و چوارچێوەی بەیت و ریتمی دەرەکی و کێش و سەرواو سەوکێشی خەلیل بووە.

هەموو خوێنەران ئەم تەوژمە شیعرییە نوێیەیان لاپەسەندنەبووە، بۆیە تووشی شۆك بوون و مەودایەکی ستاتیکیش کەوتۆتە زەینی ئەوانەی پێیان پەسەندکراوە. لەبەر ئەمە وەختێك، خوێنەرێك، یان رەخنەگرێکی ئەو سەردەمەو (بگرە ئێستایش) کەسەرچاوەیان شیعری باوو بنەما کۆنەکانی شیعر بووەو پێیان وابووە کە شیعر هەستێکە، یان گوتەیەکی کێش و سەروادارە، لەسەدا هەفتای شیعری گۆرانیان پێپەسەندنەکراوە، چونکە خوێنەری وەها رۆشنبیرییەکی شیعریی باوی هەبووە، کۆمەڵێك قەناعەتی هونەریی لەرێگای خوێندنەوەی شیعری کۆنەوە تیا چەسپیون، بووبوون بەپێوەر لەلای بۆ هەڵسەنگاندنی شیعر، یان نزیکبوونەوە لێی، بەڵام شیعری گۆران لەو پێوەرە کۆنانە لایداوەو شۆڕشی بەسەرداکردوون و ماڵئاوایی لێکردوون. ئاسۆی پێشبینی و چاوەڕوانیی دەقی گۆران، وەڵامی ئاسۆی چاوەڕوانیی ئەو خوێنەرە گۆشکراوە بەمەعریفەی شیعری کلاسیکی نەداوەتەوەو لەگەڵیدا تەبا نەبووەو لێی دوورکەوتووەتەوە.

بت پەرست نیم
نابەو نیم..
ئاواتەخوازی سەربەستیم
خەبات ئەکەم بۆ ئازادیم..
ئێستا شەوە،
گەرچی شەوە،
چاو بەخەوە،
بەڵام کاروان لەسەر ڕەوە
بەرەو قۆناغ ڕەو بەرەوە..
ئەو کاتەدێ کە ڕۆژ هەڵدێ
گوێ تێر ئەبیەو، چاو ئەبینێ!
بێ ترس و لەرز،
لەچیای بەرز،
لەچەم و دۆڵ،
دێگەڵی چۆڵ،
لەنوێ یەك یەك ئاوائەکەم،
ئەخۆم، ئەنووم، ئەژیم بێخەم!
بت پەرست نیم..
نابەو نیم..

**تینووی سەربەستیو ئازادیم[10]!**

**یاخوود باسەیری شێوەو ریتمی ئەم برگە شیعرییە بکەین**

**لەژێر ئاسمانی شینا،**
**لەپاڵ لووتکەی بەفرینا**
**کوردستان گەڕام،**
**دۆڵاو دۆڵ پێوام،**
*** * ***
**نە لەشارو نە لەدێ!**
**نەمدی کەس**
**وەك تۆ جوان بێ!**
**تۆیتو بەس**
**کچە کوردێك دڵ پێی شادبێ،**
**وەك فریشتەو پەریزادبێ!**
*** * ***
**نەباریکی، نەگۆشتن،**
**نەکچۆڵەی، نەشاژن،**
**نە زۆر چاوڕەشی**
**نەئێجگار گەشی**
**بەڵام بەنیگای شیرین!**
**نەمدی کەس**
**وەك تۆ بەتین..**
**تۆیتو بەس!**
**لێت بێ بزەی مانگەشەوی**
**بەژنی ڕێكو ڕەوتی کەوی**
*** * ***
**لەوڕۆژەوە تۆم دیوە**
**عەشقێك لەدڵ چەسپیووە!**
**ساتێ دووربێ لێم،**
**گڕ بەرئەبێ تێم!**

---

[10] دیوانی گۆران، ل٢٨٥.

کە دەست لەیەخەت گیرنابێ!
لەلای کەس
دڵ ژیرنابێ،
تۆیت و بەس
پەنای هیواو خەوبینینم،
ئاواتی گیانی شیرینم!
* * *
ئەوسا کە تۆم نەدیبوو،
ژینم تاڵی و ترشی بوو،
بێ شادی و ئارام،
بێ هیواو ناکام،
ئەژیام! ژینی سەرسەری،
نەمبوو کەس
بۆ رابەری،
تۆیت و بەس
رێگای هیوا نیشاندەرم
سەختیی ژیان ئاسانکەرم!
* * *
ئەی گەورە کچی (زەووس)
خوشکە جوانەکەی ڤینۆس
تۆ ئەپەرستم،
بۆیە وامەستم!
بۆ ئایینم ئەگەڕێ
هەندێ کەس،
باجاڕ بدرێ!
تۆیت و بەس
******
قیبلەی ئایین و باوەڕم،
خوای بەهەشتی دڵی تەڕم!
وەك سەرەرۆی شوێن ئامانج،
نەزازاما نەکرمانج،
گەرام کوردستان،

گەرمیان و کویٚستان!
نە لەشارو نە لەدیٚ،
نەمدی کەس
وەك تۆ جوان بیٚ،
تۆیت و بەس
کچە کوردیٚك وەك گولٚ وابیٚ
کوردستانی پیٚ ئاوابیٚ[11]

ئەگەر خویٚنەریٚك ئاشنای شیعری کلاسیکی بیٚت و بە بەیت و سەروا راهاتبیٚت و لەجیاتی ئەزموونی شیعریی، هۆگری (غەرەن)ی شیعریی بیٚت (ستایش، غەزەل، وەسف، داشۆرین) ئەوە ئەو دوو شیعرەی (گۆران) وەلاٚمی پرسیارەکانی نادەنەوەو بگرە تووشی نائومیٚدیی دەکەن، چونکە ئەو دوو شیعرە سەرچاوەو ئاسۆیەکیان هەیە، ئارەزووی ئەدەبی ئەم جۆرە خویٚنەرە گۆشکراوانە بەشیٚوازی باو تیٚرناکەن.
گۆران لەجیاتی بەیت و میسراع دیٚڕی شیعری دیٚنیٚتە کایەوە لەجیاتی باسکردنی مەبەست ئەزموونی خۆی لەسەردەمیٚکی نویٚدا بەرجەستە دەکات، لەجیاتی کیٚش و سەرواو سیستمی نەگۆڕی عەرووز ریتمیٚکی نویٚ و کیٚشیٚکی هەلٚقولاٚو لە فۆلکلۆری کوردی بەکاردەهیٚنیٚت.
لەسەر ئاستی شیٚوە، شیعرەکە بەجۆریٚکی نویٚ دیٚتە بەرچاوی خویٚنەر. شیٚوەیەك دەبینیٚت پیٚچەوانەی شیٚوەی هەردوو بەشی دابەشکراوی بەیتە.
(ئەخۆم، ئەنووم، ئەژیم بیٚخەم!)
بت پەرست نیم..
ئابەو نیم
تینووی سەربەستی و ئازادیم!

لەو چەند دیٚڕە شیعرییەی سەرەوەدا بەیت نەماوە، تەفعیلەکان لەدیٚڕەکاندا وەك یەك نین، دیٚڕی یەکەم، هەشت بڕگەیە، دیٚڕی دووەم چوار بڕگەیە، دیٚڕی سیٚیەم چوار بڕگەیە، دیٚڕی چوارەم هەشت بڕگەیە. کەواتە لەسەر ئاستی کیٚش نە کیٚشیٚکی دیاریکراو، نە بەحر ، نەماون لەشیعری کۆن و کلاسیکیدا شیٚوەی بەیت لەسەر لاپەڕە بەم شیٚوەی خوارەوە بووە:

[11] دیوانی گۆران، ل٢٨.

بەڵام لەشیعرەکەی گۆراندا بەیتەکە تێکشکێنراوە شێوەی لەسەر کاغەزەکە وایلێهاتووە، وەك دیارە لەخوارەوە:

کەواتە خوێنەرە باوەکە، چاوی بەشێوەی دووەم ڕانەهاتووە، چونکە تا سەردەمی گۆران کارێکی وەهای نەبینیووە، گوێیشی بەریتمێکی دەرەکی راهاتووە، وەك هاوکێشەیەکی ماتماتیکی وابووە. بۆنموونە ئەمبەری چوار بڕگەبووەو ئەوبەریشی چوار بڕگە.
ئەم شێوەو شێوازەی گۆران خوێنەری شەیدای شیعری ستوونی تووشی شۆكو سەرسوڕمان دەکات، چونکە لەشیعرەکەی گۆراندا ئەوەی دەستناکەوێت کە دەیەوێتو چاوەڕوانی دەکات، سەرسوڕمانیش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە کارێکی تازەی پێدەگات جوان لەهەمان کاتدا هەڕەشە لەباوەڕی شیعری ئەمی وەرگر دەکات، واتە شیعرەکە مەودایەکی ستاتیکی دروست دەکات، بۆشایی لەنێوان هەردوو ئاسۆی چاوەڕوانیدا پێی پەیدادەبێت، ئەو گۆڕانکاریەی کە گۆران بەسەر شیعرەکەیدا هێناوە دەبێتە پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندن، لێرەدا ئاسۆی چاوەڕوانی دەق لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا نەگوونجاوە، توشی نائومێدیو شۆکی کردووە، ئیتر ئەگەر خوێنەرەکە وریابێتو بەهۆشیارییەوە بۆ شیعرەکە بچێت، ئەوە باوەڕەکانی دەگۆڕێتو پەرەدەسێنێتو وەرچەرخانی لادروست دەبێت، ئەمەش لەسەرەتاکانی گۆڕانکارییە گەورەکاندا کاتێکی دەوێت بۆ راهاتن، تەواو ئەو زاراوەی (یاوس)مان دێنێتەوە یاد کە پەیوەستە بەوەرچەرخانە مێژووییەکانەوە کارە چارڵ جیاوازەکانی گۆران پەیوەستن بەگۆڕانکارییە مێژووییە گەورەکانەوە کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی شیعرێکی نوێ جیاوازە لەئاسۆی چاوەڕوانیی دەقو خوێنەری پێش خۆی.
نەمدی کەس
وەك تۆ جوان بیٚ!
تۆیتو بەس
شێوەی دابەشکردنی شیعرەکە بەسەر کاغەزەکەدا وادەکەوێتەوە:

ئەم شێوەیە مامەڵەیەکی دینامیکییانە لەگەڵ چاوی خوێنەردا دەکات وادەکات شێوە ئاسۆییە باوەکەی دەق بگۆڕێت، تۆبۆگرافیایەکی هەیە جیاواز لە تۆبۆگرافیای شیعری ستوونی جگە لەمە، ریتمە کۆنە جێگیرەکەی بەیتی تێپەڕاندووە، کەواتە ئاسۆی ئەم دەقەی گۆران‌و ئاسۆی پێشبینی خوێنەرە باوخوازەکە تێکەڵاوی یەکتر نابن، تێیاندا تێکەڵاوبوونی ئاسۆکان‌و زاراوەکەی (یاوس) فەراهەم نابێت.

(گۆران) شیعری تری هەیە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی ئەو خوێنەرە باوخوازەدا دەگونجێت، بۆچی؟ چونکە لەسەرەتاکانی هەنگاو هەڵهێنانیا نەیتوانیووە بەیەکجاریی‌و تەواوەتی لەژێر کاریگەریی شیعری کۆن‌و پێش خۆی دەربازببێت، کاتێکی ویستووە، ئەمە لەهەنگاونانی پێشەنگەکانی شیعری دراوسێکانیشماندا دەبینرێت، بەتایبەت لای (بدر شاکر السیاب). هەروەها لای شاعیری ئێرانی (نیما یوشیج).

ئەوانیش سەرەتاکانیان سێبەری شیعری پێش خۆیانیان پێوە دیارە، بۆ ئەمە شیعرێکی گۆران دەهێنینەوە:

**لەبەختی تار...**

لەبەختی تاری شەو ناکەم شیکایەت،
شەبیهە چونکە بەو زوڵفی سیاسەت!

نییە قابیل بڕینی ڕاهی دووری
وەکو پرچت کشاوە بێنیهایەت!

بەهیچ خاکستەریْ ناگەم نەکا بۆم
لەئەنجامی لەهیبی حوب حیکایەت!

کەتیری نیو نیگات چەرخانە ئینسان،
قەفەس خاڵی ئەکا مورغی دیرایەت!

لەچاوی بەد خوا عومری جوانی
قوبووڵ کالێم بەپاداشتی ویقایەت!

خەوی منداڵ‌و سەهری عاشقی زار،
ئەبەخشیْ حوزنی نەغمەی لایەلایەت!

هووەیدایە لەڕەنگی ئاڵی دەستت
کە دائیم پیشەتە قەتڵ‌و جینایەت!

هەتاكەی بادەنۆشی عەشقی تۆ بم،
هەتاكەی، بێ مەزەی ماچێ كیفایەت؟

دەخیلت بم هومای زولفەینی دلبەر،
بەسەر سەرما بكێشە فەیضی سایەت!

بە (گۆران) ناكرێ قەت تەركی سەودا،
كلا نابم لەسەر جادەی هیدایەت!.[12]

ئەم شیعرە وەك كێش‌و سەرواو شێوەی دابەشكردنی بەسەر كاغەزدا ئەوەندەی لەشیعری ستوونییەوە نزیكە ئەوەندە سەر بەشێوازە تازەكەی گۆران نییە، جارێ هەرجۆرێكە لە شین‌و گریان بۆ بەخت، شێوازە رەوانبێژییە كۆنەكەیش بەوێنەكانەوە دیارە، بەختی تاری شەو چوێنراوە بە زوڵفی سیا، رێی دووری چوێنراوە بەپرچی كشاو، چواندنەكە هەم لەدووری‌و هەم لەهەستی دڵەڕاوكێدا دەبینرێت. كێشەكە كێشێكی كۆنە، لێكچوونێك لەكەمییەتی بەیتەكاندا هەیە. شێوازی تۆبۆگرافی‌و دابەشكردنی شیعرەكە لەسەر كاغەز تەواو وەك تۆبۆگرافیای شیعری ستوونی وایە، جگە لەمانە ناوهێنانی گۆران لەكۆتایی دەقەكەدا، جۆرێكە لەشێوازی باوی شیعری كلاسیكی، ئاسۆی چاوەڕوانیی‌و پێشبینی ئەم بەرهەمە وەڵامی خوێنەرە باوخوازەكە دەداتەوە، ئاسۆی چاوەڕوانیی هەردووكیان لەیەكتر دەئاڵێن‌و تێكەڵاوبوونی ئاسۆكان ڕوودەدەن.
(بۆدلێر) شاعیری گەورەی فەرەنسا نموونەیەكی پرشنگدارە بۆ ئەو وەرچەرخانە مێژووییانەی كە مەودایەكی ستاتیكییان لەرەوتی شیعری جیهاندا رەخساندووە، ئەو سرووت‌و كەشە نوێ‌و غەریبانەی كە لەدیوانی (گوڵی شەڕ)دا خراونەتەڕوو، چ لەڕووی وێنەو چ لەڕووی جیهانبینییەوە بۆ ئاكار، كارێكی وەهای كرد هەم رقی حكومەت‌و نێوەندی كۆمەڵایەتی‌و هەم نێوەندی شیعری بووروژێنێت، هەر لەبەر ئەمەیش بوو هێرشی كرایە سەرو هەموو هەوڵەكانی حكومەت‌و نێوەندە كۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیرییەكەیشی چڕكرانەوە بۆ سزادانی لەرێگای یاساوە.
(بودلێر) لەو دیوانەدا جوانیی لە شتە ناشیرینەكانیشدا دەبینێتەوە، جوانی خۆشەویستەكەی لە وێنەی پشیلەیەكدا دەبینێتەوە، یاخود لە لاكێكی فڕێدراوی مێشتێدراودا. هەر ناونیشانی دیوانەكەیشی (گوڵەكانی شەڕ)[13] بۆخۆی جۆرێك سەرسوڕمان و دژ دروستدەكات، گوڵ پڕە لە جوانی شەڕیش پڕە لە ناشیرینی. بە تێكەڵاوكردنی ئەم دوو وشەیە كارێكی تری ئەنجامداوە. ئەمانە هەموو خوێنەری باوخواز نائومێد دەكەن، چونكە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی ئەودا ناگونجێن.

12 دیوانی گۆران، ل٦٨.
13 بودلیر، ازهار الشر، ص٢٨.

مەودایەکی ستاتیکی بەرهەمدێنن لە تێکشکانی هاوکێشە هونەرییەکاندا، خوێنەرە باوە کلاسیکییەکە پێوەرو سەرچاوەیەکی شیعریو فیکریو هونەری وای لا چەسپیوە ڕێگای پێنادەن شەڕو خراپە لە گوڵدا ببینێت، بەڵکو ئەو راهاتووە هەر جوانی لە گوڵدا ببینێت، لێرەدا وێنەو ناونیشانەکەی بودلیر، یان بینینی جوانی لە لاکێکی مێشتێدراودا توشی نائومێدی دەکەن. ئەم چاوەڕوانی دژێکی وەها لە دەق ناکات، جا بودلێر تووشی شۆکی دەکات، یان ئەوەیە باوەڕو ئاسۆی پێشبینیەکەی دەگۆڕێت، یاخود ئەوەیە هەر بە بێ ئومێدی دەمێنێتەوەو ناتوانێت لەگەڵ ڕەوتە نوێکەی بودلێردا بڕوات. هەرچەند بودلێر بەهۆی نوێکردنەکەیەوە توشی نەهامەتیو دەردەسەرییەکی زۆربوو، بەڵام بەو دیوانو شێوازە نوێیە، گەورەترین خزمەتی بە شیعری فەرەنساو جیهان کرد.

لە نۆی تەموزی ١٨٥٧ز واتە پاش تێپەڕبوونی یانزدە ڕۆژ بەسەر دەرچوونی (گوڵی شەڕ)داو پێش ئەوەی لەسەر ئەم دیوانە بکەوێتە بەر راونانی یاساییەوە، لە نامەیەکدا بۆ دایکی باسی خەفەتو ئازارو جیاوازیی نێوان ئەخلاقو شیعر دەکات (تۆ دەزانیت من هیچ ڕۆژێك ئەدەبو هونەرم بەبێ ئامانجێکی دەرەوەی چوارچێوەی حوکمی ئەخلاق نەبێت، نەزانیوە، تەنیا جوانیی ڕوانینو دارشتنم مەبەست بووە)[١٤].

هەروەها لەهەمان نامەدا ئاماژە بەو شێوە جوانییە دەدات کە بەزەحمەتو ماندوبوونو دوور لەشادی خولقاندویەتی، ئەویش وایکردووە بەخراپە لەسەری بدوێنو رقی خەڵك هەڵبسێنێت (هەموو نکوڵییان لەهەموو شتێکم کرد: ڕۆحی داهێنان تەنانەت نەزانینی زمانی فەرەنسی، من گاڵتە بەو گەمژانە دەکەمو ئەزانم ئەم کتێبە بە باشیو خراپییەوە لە زاکیرەی جەماوەری ڕۆشنبیردا، لەپاڵ دەستەبژێری شیعرەکانی (فیکتۆر هۆگۆ) و (تیوفیل گوتییە) تەنانەت (بایرۆن)یشدا جێگای خۆی دەکاتەوە)[١٥].

دیارە نموونە زۆرەو دەتوانین لە هەموو بوارە ئەدەبیەکاندا وەك خوێنەرو ڕەخنەگر پەنا بۆ ئەم زاراوانە ببەین ئاسۆی چاوەڕوانی، مەودای ستاتیکی، تێکەڵاوبوونی ئاسۆکان، بەڵام ئێمە بە باشترمان زانی وەك سەرەتایەك نموونەی دەقو ناونیشانی پێشەنگەکانی ڕەوتی نوێبوونەوە بهێنینەوە.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- خوێنەر لە تیۆری وەرگرتنو پێشوازیدا ڕۆڵێکی تایبەتیو سەرەکی هەیە. وەك دانەر دەق بونیاد دەنێتەوە، لەژێر کاریگەریی سەرەکی دانەر دەردەچێت. زاراوەی (ئاسۆی چاوەڕوانیی)ش کە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمانە، یەکێکە لە کۆڵەکە گەورەکانی ئەم تیۆرەو (هانس روبیرت یاوس) بە دەروازەی بنەڕەتیی دائەنێت بۆ خوێندنەوە.

---

14 باسکال بیا، بودلیر، ص١٥.

15 هەمان سەرچاوە، ل١٦.

٢- زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانی پێش (یاوس) لە بواری زانستی تری مرۆڤایەتیدا بەکاربراوە. بۆنموونە لای هۆسرل و گادامێر.

٣- ئەم زاراوەیە لەگەڵ زاراوەیەکی تردا کاری خوێندنەوە تەواو دەکەن ئەویش زاراوەی مەودای ستاتیکیە کە دەبێت بە پێوەر بۆ زیادبوونی ڕێژەی گۆڕینی ستاتیکا.

٤- ئەم زاراوانە لە رەخنەی ئەدەبیدا لەدایکبووی پاش بونیادگەری‌و پاش نوێگەرین کە لە خوێندنەوەی کارو بەرهەمدا تەنیا لە باسکردنی جوانکاریی زماندا ناوەستن، بەڵکو خوێنەر ئەکتیڤ دەکەن.

٥- لە پراکتیکدا، کە نموونەمان لە گۆران‌و ناونیشانی دیوانێکی بۆدلیر هەڵبژارد بۆمان دەرکەوت کە گۆران لە سەرەتاکانی نوێگەریدا ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەری گۆڕیوەو ئەوکاتە شیعریش هەبووە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەری باوکاردا گونجاوە.

سەرچاوەکان


١- د. ابراهيم محمود خليل، النقد الادبي الحديث من المحاكاة الى التفكيك، دار المسيرة، بيروت، ٢٠٠٣.

٢- حميد سمير، النص و تفاعل المتلقى في الخطاب الادبي عند المعرى، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥.

٣- عبدالناصر حسن محمد، نظرية التوصيل و قراءة النص الادبي، المكتب المصري لتوزيع المطبوعات، القاهرة، ١٩٩٩.

٤- هانس روبيرت ياوس، جمالية التلقى من أجل تأويل جديد للنص الادبي، ترجمة رشيد بنجدو، المجلس الاعلى للثقافة، مصر، ٢٠٠٤.

٥- روبرت س هولب، نظرية الاستقبال، ترجمة، عبدالجليل جواد.

٦- د.عبدالقادر عبو، فلسفة الجمال في فضاء الشعرية العربية، بحث في آليات التلقى، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٧.

٧- رامان سلدن، النظرية الأدبية المعاصرة، ترجمة سعيد الغانمي، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، دار الفارابي، بيروت، عمان، ١٩٩٦.

٨- د.ايمان عيسى الناصر، وحدة النص وتعدد القراءات التأويلية في النقد العربي المعاصر، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠١١.

٩- بودلير، ازهار الشر، ترجمة حنا الطيار و جورجيت الطيار.

١٠- باسكال بيا، بودلير، ترجمة صلاح الدين برمدا، منشورات وزارة الثقافة، الجمهورية العربية السورية، ١٩٨٥.

١١-دیوانی گۆران، محمد مەلا عبدالکریم کۆیکردۆتەوەو ئامادەی کردووە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٠..

### کورتەی باسەکە

زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانی یەکێکە لە کۆڵەکە گەورەکانی تیۆری وەرگرتن‌و پێشوازی، پێکەوە لەگەڵ زاراوەی مەودای ستاتیکیدا دەبنە پێوەر. ئەم زاراوانە لە رەخنەی ئەدەبیدا زادەی پاش بونیادگەری‌و پاش نوێگەرین، تەنیا لە باسکردنی جوانکاری زماندا ناوەستن، بەڵکو خوێنەر ئەکتیڤ دەکەن ئەم زاراوانە بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی بەگشتی بەکاردەهێنرێن: شیعر، چیرۆك، رۆمان، شانۆ، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا کارمان لەسەر دەقی شیعریی کردووە هەندێ نموونەی شیعری گۆران‌و ناونیشانی دیوانەکەی بودلێر گوڵی شەڕ (ازهار الشر)مان کردۆتە مەبەست.

### ملخص البحث

يعتبر مصطلح افق الانتظار الركن الاهم لنظرية التلقي والاستقبال وعند تلاحمه مع الجانب الجمالي يصبحان اسساً للقياس. ان هذا المصطلح وليد مابعد البنيوية وما بعد الحداثة ولايكمن دوره في البحث عن جمالية اللغة فقط وانما يولي الاهتمام الاكبر بالقارئ كبانٍ للنص وليس مستهلكا. يمكن استخدام هذا المصطلح لقراءة النص الادبي عامة قصة، رواية، شعر، مسرح لكن مجال بحثنا يتركز في الشعر متخذين بعض نماذج شعر گۆران مع عنوان ديوان بودلير (أزهار الشر) نموذجاً.

### Abstract

The term waiting Horizons is one of the great pillars of the Receive and Reception theory, which become criteria with the term Domain of Aesthetics. Those terms came to literary criticism after Structuralism and Modernism, and do not stop only on talking about linguistic aesthetics, but also it activates readers. Those terms generally are used to read the literary texts: poetry, story, novel and drama. Here we have worked only on poetic text, targeting some example of Goran poetry and the title of Divan Baudelaire (flowers of Evil).